# ئاسایشێکی شیعرباز

گۆران محەمەد

دەڵێن مەلاش غەڵەت دەکات، رۆژنامە خۆشەویستەکەی میدیاش لە دوالاپەڕەی دوا ژمارەیدا و لە هەڵەیەکی چاپدا دیدارێکی قادر قاچاغی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی لە گۆشەی رووبەڕوو لە گەڵ رۆشنبیراندا بڵاوکردووەتەوە، قاچاغ؛ چونکە ئاسایشە؛ تا مردن لە شیعر قاچاغ دەبێت ئەگەر بایی بەژنی خۆی دیوانە شیعریش ریز بکات، ئەو دەڵێ شیعر و ئاسایش لێك دوور نین، کە منداڵ بووین بۆ قۆشمە ئەمانەمان پێکەوە دەلکاند: حوشتر و پلایس ـ ریشۆڵە و قەعدەی منداڵ ـ تەڵەی مشك و فرۆکەی کۆنکۆرد ـ . . . . . تد.

ئەز و رێبوار کەریم وەلی دوو رۆژنامەنووس بووین کە پارساڵ ئاسایشی ناوبراو لە سەر ئەوەی رەخنەمان لە کۆنە بەعسییەکانی نێو پدك و پارەبارانکردنیان گرتبوو لێکۆڵینەوەی لە گەڵ کردین، ئەو لێکۆڵینەوە پۆلیسیی و چاوسوورکردنەوە بەعسئاسایانەی قاچاغ بە گفتوگۆیەکی ئاسایی ناوی بردووە و بە بوختانەوە بە ناوی ئێمەوە دەڵێ ئەوانیش لێی رازی بووینە!!!!!.

من لێرەوە رایدەگەینم کە گفتوگۆیەکی ئاسایی نەبوو و زۆر پۆلیسییانەش بوو ئاخر لە وڵاتێکدا کە ئاسایش بە رۆژنامەنووس بڵێ مەبەستت چییە لە نووسینەکانت؟ ئەوە بێ سێ و دوو دەیان نیشانەی پرسیار دەکەوێتە سەر دیموکراسی بوونی ئەو وڵاتە، کەچی قادر قەچاغ بە زەبری دەسەڵاتە ئەمنییەکەی بڕیاری لە سەدا سەد دیموکراسیی بوونی پدك و ئەزموونی هەرێم داوە.

قادر قاچاغ لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی میدیادا کە ئایا هەست ناکات بە شاعیرییەوە کردوویانەتە ئاسایش؟ دەڵێ (بە رای تایبەتیم بەڵێ، بەڵام بە رای پارتایەتیم نەخێر زۆر لە جێگەی خۆیدایە و باشە) لە بەرامبەر ئەم وەڵامەشدا تەنێ دەڵێم: کەسێك ئاوا دوو لەت بووبێت؛ ئەوە بێگومان پێوەیستیی بە پزیشکێکی دەروونی هەیە بۆ لکاندنەوەی کەسێتییەکانی.

لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەشدا کە ئایا لە کەش و هەوای ئاسایشدا چۆن شیعری بۆ دێ! قاچاغ دەڵێ (ئاساییە. هەندێ جار لە کاتی قەرەباڵغی و موناقەشەدا یان لە کاتی چارەسەرکردنی گیروگرفتدا شیعرم بۆ دێ. هەندێ جار دەمەوێ شیعرم بۆ بێ نایێ و هەندێ جاریش دەمەوێ بۆم نەیێ دێت) توخوا خوێنەری هێژا ئەرك بکێشە و جارێکی دیکە ئەو رستەیەی سەرەوە بخوێنەوە لێ وشەی شیعری لێدەرکە، جا بزانە ئەو گرفتە هی شیعرە یان سکچوون؟.

دوا جار چونکە ئاسایش هەر ئاسایشە و بێ زەبر و زەنگ هەڵناکات؛ لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا بۆچی هێشتا خیتابی زەقی سیاسیی لە شیعرەکانیدا هەیە؛ قاچاغ دەڵێ (هەویری ئێمە هێشتا پێویستیی بە خوێنخواردنەوە ماوە) بە راستیی ئەمەیان بە هەق سیفەتێکی ئاسایشانەیە.

تێبینی: دەقی دیدارەکەی قادر قاچاغ لە دوالاپەڕەی رۆژنامەی میدیا، ژمارە 146 ی رۆژی 2003/8/16 دا بخوێنەوە.

goransalih@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لـە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.